# ئێرەی ئێمەو ئەوێی ڕۆژئاوا

## " خوێندنەوەیەکە بۆ کورتەفیلمی دواین دیدار – The last Meeting "

سیناریۆ : ئیدریس عەبدی

دەرهێنانی : هاوکار ساڵح

نواندنی : عومەر دڵپاک ، شایی نەجار ، کۆژار حەکیم ، ڕابیعە موحەمەد ، تیشکۆ هەڤاڵ .

بەڕیوەبەری وێنەگرتن : ئاوارە عومەر

مۆنتاژودیزاینی دەنگ : ئیدریس عەبدی

بەڕێوەبەری بەرهەم : گۆران عوسمان

سەرپەرشتیاری پرۆژە : هەڵگورد ساڵح

بەرهەم هێنانی : کۆمپانیای لامیدیا

خوێندنەوەی : ڕێباز محەمەدجەزا

---

## دەروازە

زیندووبوونی هەر کۆمەڵگەیەک ، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ڕۆڵی ئەو کەسانەوەهەیە کەکاردەکەن چی بەشێوەی تیۆری یان بەشێوەی پراکتیکی چەند هەوڵیان داوە بەرهەمەکانیان بەزیندووی و کاریگەر بهێڵنەوە و توێژەرو نووسەرەکانیش وەکو ویژدانی ئەو بەرهەمانە دەرکەون بەتایبەتی لەکایەی ڕۆشنبیری و هونەردا ، ئەوەی لێرەدا دەیخوێننەوە ، هەوڵێکە بۆقوڵبونەوەو خوێندنەوەی کورتەفیلمێک بەناونیشانی( دواین دیدار ) بەئومێدی سەرڕێگاخستنی توێژینەوەو فراندنی بۆناو قوڵاییەکانی چێتی بەرهەمە هونەریەکان و دوورکەوتنەوە لەقسەی دووبارەو باووڵاسابار لەم بۆنەیەدا ، گرنگترین شت ئەوەیە بڵێم : کاری من بەراوردکردن یان کێشانەو پێوانەو بڕیاردان و حوکمدان نیە لەبارەی بەرهەمەکەوە ، بە هێندەی خوێندنەوەیەکە لە پێناو بە کێشەکردنی کورتەفیلم و خوڵقاندنی کەشێک بۆ گفتوگۆی هێمن و لەسەر خۆ لەوبارەیەوە بە گشتی و لەنێوان بەرهەمی ستافێکی ڕۆژهەڵاتی (مرۆڤی کورد/ هونەرمەندی کورد) وخۆ دەرخستنی وەک بەرهەمێکی ڕۆژئاوایی . کەواتە من لێرەدا وەکو وەرگر کێشەیەکم هێناوە و دەمەوێت گفتگۆیەکی هێمن و لەسەر خۆیان لە بارەوە بکەم چونکە ": خوێندنەوە وەکو ئەزموونێکی مرۆیی و فکری ، دەربەستی کۆمەڵێک یاسای فەلسەفی و سروشتیە لە خودی بەرهەمدا" (محمد جزا ،٢٠١٢، ٢٢٧٤١). لێرەدا هونەرمەند وەکو مرۆڤێکی گەردوونی

(کۆسمۆلۆجی)خۆی و بەرهەمەکەی بەیان دەکات ، لەبەرئەوەی خوێندنەوەی فیلم گەیاندنی بینەرو وەرگرە بە جیهانێکی نا کەسی و ئاستی کەس تێدەپەڕێنێت ، بەمانای قوڵ و چێوەی وردی وشەکە . کە ئەمەش پەیوەندیەکە هەمیشە کورت و نزیکە. واتە ئێمە لێرە قسەی ئاسایی و دووبارە ناکەین لەیەک کاتدا گفتوگۆی بەرهەمەکەدەکەین ؛. لەلایەکی دیکەوە دەمانەوێت هەوڵەکانی مرۆڤان بەڕژدی و بەوردی و لەسەر خۆ بخوێنینەوە.

## تەوەرەی یەکەم

### فیلمی کورت چیە؟

ناوەندی وێنەگرتنی سینەمایی لەفەرەنسا بەوەپێناسەیان کردووە کە فیلمی کورت بەوە گوزارشتی لێکراوەکە لە ٦٠٠مەتر و لەشێوەی ٣٥ملم تێپەڕناکات کەماوەکەی فیلم_قصیر لە٦٠خولەک کەمترە .هەروەها دەشڵێن شێوەیەکە لەشێوەکانی فیلمی سینەمایی ، کەماوەکەی لەنێوان ٥٩خولەکدایە هەروەها هاوشێوەی کورتە چیرۆکی دەکەن لەجیهانی ئەدەبدا . (https://www.elnabaa.net/٩٢٧٣٩٧) هەرچەندە ئەم تێگەیشتنە خۆی گرفت ئامێزە بەڵام تەنها بۆئەوکەسانەی کەسەرەتایین ئەم تێگەیشتنە گرنگە و لێرەوە دێمەسەر ئەوەی بڵێم هەرهەوڵێک بۆئەوەی بڵێین ئەمە فیلمێکی چۆنە ؟ پێویستمان بەتوێژینەوەی زانستی ناوەندە ئەکادیمییەکانە بەڵام بەگشتی وەڵامی ئەوەی فیلمی کورت چیە ؟ دەڵێم فیلمێکە لەڕووی کاتەوە ماوەکەی دیاریکراوەو پشت بەژانرێکی ئەدەبی دەبەستێت ( بیرۆکە ) یان ( سیناریۆ ) لەوێوە بۆناوتوخمەپێکهێنەرەکانی تری وەک دەرهێنان و نواندن و سینەماتۆگرافی و ....هتد .

کورتە فیلمی ( دوایین دیدار) کەماوەکەی نزیکەی (١٦:٥٧) خولەکە و کارێکە پێویستی بەوەیە لەسەری بووەستم بزانین ئەوەی بینیمان چی بوو؟ ئایا ئەوەی بینیمان دەتوانین بڵێین کورتەفیلمە وەکو ژانرێک ؟ من بۆئەوەی قسەکانم چڕبکەمەوەو بەوردی قسەی لەسەر بکەم سەرەتا کەتەماشام کرد چاوەڕێی فیلمێکی کورتی هاوشێوەی ئەوبەرهەمانە بم کەمن بینیومن ، بەڵام لەدەستپێکی کارەکەوە وەستاندمی و بیری بردم بۆئەوێ!! کوێ؟ من لێرەو لەناو دڵی ڕۆژهەڵات و وەکو وەرگرێک ڕووبەڕووی ئەزموونێکی گەورەی دەرهێنەری جیهانی ئینگماربێرگمان بوومەوە وەکو ئەوەی لەیادەوەری ساڵانێکی پێش ئێستادا دیومە , لەوێ چی دەگوزەرێت؟ لێرەو لای ئێمە چی ؟ هەرلەبەرئەوە ناوم لەم نووسینە نا ئێرەی ئێمەو ئەوێی ڕۆژئاوا !!

لەڕووی  خەلەک وکاتی نمایشەوە تەواو دەچیتە خانەی کورتەفیلمەوە و زۆریش گونجاوەو توشی بێزاریمان ناکات و ڕێز لەبینین دەگرێت ، بەڵام وەک شوێن  هەرلەسەرتاوە ڕووبەڕوی ئەوپرسیارەدەبینەوە  ئێرە کوێیە؟  لەکورتە فیلمی ( دوایین دیدار) دا سەرباری ئەوەی هەوڵیداوە لەڕێی ئاماژەو کۆدەکانی ناو بەرهەمەکە وەلام دراوەتەوە بەڵام کێشەی شوێن لەوێدا دروست دەبێت گەر بەکۆدانەی داندراون بینەر تێدەگات ئێرەی ناو فیلمەکە کوێیە ؟ کەواتە ئەوفلێکسە بۆ ؟ کەلەسەری نووسراوە خەلوەتگەی پیری ... کەواتە وەک کورت فیلم دەمانخاتە بەردەم دووڕیانی دەزانین کوێیە ؟ بەڵام ناشزانین !!!

بەڵام کەباسی فیلمی کورت دەکەین  پێگەیەکی  گرنگی هەیە لە مێژووی هونەری سینەما بەگشتی وجیهانی  مۆدێرن دا بەتایبەتی . ئەم ژانرە بەردەوام بەرە و هەڵکشان و ململانێ دەچێت لەگەڵ زانستەکان و فەلسەفە دا و پێویستی بەلێتوێژینەوە هەیە ، ئەمەش وادەکات ئەرکی هونەرمەندان قورستربکەن و سەرکێشی بکەن و  گۆڕانکاریی بەسەردا بێت ، بەپێی ئەو  هەلومەرج و بارودۆخەی کە ژیانی مرۆڤەکان پیایدا تێپەڕ دەبن . بۆچی ؟ چونکە فیلمی دوایین دیدار لەگەڵ ئایکۆنەگەورەکانی سینەما ڕووبەڕوومان دەکاتەوە لەوانە ( ئینگمار بێرگمان ) بەوەی لەیەکەم ساتی نواندن و بێژانی یەکەم دیالۆگدا ڕروبەڕووی هەردووجیهانی سینەماو شانۆ دەبینەوە !! کەهەم چێژ بەخشەو هەم توشی دڕدۆنگی و خەممان دەکات  ،  ئەم هۆیە وا دەکات ، ئەرک و ڕۆڵی فیلم  و فیلمساز ، کەمێک گۆڕانکاری و قورسی وبارگرانی بۆ دروست بکات ... چونکەپیشاندانی روخساری لۆژیکی لە خوێندنەوەی فیلمدا وەکو بلانشۆ دەڵێت:  "بەدواداچون و ژیان نەبێت لەساتی وەڵامدانەوەدا ، ئەوا بەچێژیش نابێت " لەبەر ئەوهۆکارانە ئەم فیلمە پێمان دەڵێت : گەیشتووین بەتەکنیک و فیکری بەرهەمەکانی خۆرئاوا بەڵام لەوێ چی دەگوزەرێت؟ لێرەو لەدوایین دیداردا چی ؟ کەبەبڕوای من ئەمە خاڵی جیاوازی ئێرەی ئێمەو ئەوێی خۆرئاوایە !!  بە کێشەکردنی فیلمی کورت  وەک کەلتورێک نەبۆتە بەشێکی زیندو دانەبڕاو لە ژیانی رۆشنبیری ئێمەداو زۆر بە کەمی و تا ڕادەی نەبون هیچی لەبارەوە نەوتراوە و نەکراوە ، بۆیە بە گرنگم زانی لەم روەوە خوێندنەوەو بەژێدەرکردن بێت و گەڕانەوەبێت  بۆرەچەڵەک و دروستکردنی لێدوانی رەسەن لەو بارەیەوە  ، چونکە دەبێت مرۆڤ دەرک بەوە بکات و ئەو شعورە لەلای خۆی دروست بکات ، کێشەیەک هەیەو قەیران بەدوای خۆیدا دەهێنێت !! ئەگەر بەم شێوەیە بمێنێتەوە. هەڵبەتە ئەمەش کاتێک گرنگ وێنا دەکرێت کە(کێشە) لە مانا سایکۆلۆژییە پەتییەکەی دووری بخەینەوە و دایبماڵین لێی، بە مانایەکی تر مەبەست لە کێشە گەرانەوەیە ، بۆ پرسە بنەرەتی و

سەرەکییەکان بەگشتی و هونەری سینەما بەتایبەتی کەلێرەدا مەبەستمان لەپرسە سەرەکیەکانی کورتەفیلم وەکو ئەدەب و هونەر و دەست پێکردنی چڕو پری گفتوگۆکانە لەسەر دڵی بابەتەکان کە خودی " کێشە"یە واتە کاتێک کە ئیمە دەزانین "کێشە" مانایەکی جیاواز لە مانا باوە سایکۆلۆژییەکان لەخۆ دەگرێت ، خۆ بەخۆ لە"ئاژاوە"جیا دەبێتەوە و پرسیاری رەسەن و دروست لە دایک دەبن ئەمە جگەلەوەی مەبەستمان لە (کێشە) توخمێک نیە لە توخمە پێکهێنەرەکانی سینەما خۆی هەروەک چۆن ئێمە لیرەدا بەهیچ جۆرێک بەنیاز نین لەروی زمانەوانییەوە هیچ بڵێین بەتەنها ئەوەندە نەبێت ، مەبەستی خۆمان روون بکەینەوە بەوەی کە کێشەی ئەم کورتە فیلمە وا بخەینە روو وەکو ئەوەی لەمرۆداو لەم کاتەدا پایەیەکی گرنگی کلتوریەو نهێنی خوێندنەوە و راڤەو رەخنە و لێکدانەوەی لەخۆ گرتووە ،هەرلەیەکەم دیمەنەوە لەناو دوالیزمی شانۆو فیلمەوە خۆمان دەنینیەوە تادواساتەکانی مردنی کارەکتەرەسەرەکیەکان ،ئەمە بێ لەوەی کورتە فیلم لەمڕۆدا لەقەیراناویترین دۆخیدایە ، بەدەر لە قەیرانی نووسین خۆیشی ( لەکوردستان) . کەواتە کە باس لە کێشەی ئەم فیلمە دەکەین مەبەستمان ، لەو باس و خواسانەیە کەپەیوەستن بە ژینالۆژیای (کورتە فیلم ) ، وە کو ئەدەب وهونەر و بەستنەوەی بەتێڕامان و تێفکرینی وجودی و فەلسەفی و بون و نەبونەوە و لەئاستیکی تریشیدا خراپ بون و کەوتنە قەیرانی قسەکردنەوە . واتە لەسەرتاوە دەبێت بپرسین فیلمی کورتمان هەیە ؟ گەر هەمانە یان نا !! کوان نووسین و خوێندنەوەکانمان؟ بەم واتایە لەئێستادا فیلمی کورت هەم بەرگری لەخۆی دەکات وەک بوون خۆی لەلایەکیترەوە گرفتی خۆناساندن وپیشاندانی مرۆڤی کوردە کەچۆن هەن ؟ چی جۆرە بوونێکیان لە خۆیاندا هەڵگرتووە کەفیلمی دوایین دیدار لەلایەک دەیەوێت فیلم بێت و بوونی خۆی بسەپێنێت لەلایەکیتریشەوە خەمێکی قوڵی لەکۆڵی خۆی ناوە کە مرۆڤی کوردە کێشەی بوون و نەبوونی ئەم بەرهەمە لەسەرهەردوو ئاستەکەی دەرگیرەودەست وپەنڤەی لەگەڵ نەرم دەکات .

**تەوەرەی دووەم**

**بەکێشەنەکردنی (بوون)**

وەکو لەتەوەرەی یەکەمدا باسم کرد ، کێشە لەبەرهەمە هونەریە سینەماییەکاندا چەند ئاستێکی هەیە و بە گشتی (کێشەی بوون ) لە ناو فیلمسازەکاندا زۆر جار بزردەبێت و جاریش هەیە کە دەیدۆزینەوە زوو لێمان ووندەبێت و نادیدەدەبێت ، کێشە لەهەر ژانرێکدا هەببێت چەند گەورەبێت

ئەوەندە گەورەی دەکات و دەمانبات بۆ مانا گەورەکەو باسەکە هەستیار دەکات، واتا کیشەی بون و نەبونی فیلمی کورت وەکو ژانرێکی هونەری  دروست دەبێت ، بە دیوێکی تردا نەبینیی وەکو کێشە و بایەخ پێنەدان و پشت گوێخستنی دەبێتە بەشێکی تری گرفتەکە و بەهەردووکیشیان بەدوای خۆیاندا قەیران دەهێنن ، بۆیەلێرەوە دەبێت بگەڕینەوە بۆ ڕۆڵە سەرەکییەکەی (ئەم فیلمە – دوایین دیدار ) خۆی کەگومان و قەلەقی لەسەر ئاستی (بوون )  بە دیار دەخات . بێمەوە سەرپرسیارەکەم ، بێرگمان لەناو ئەم فیلمەداچی دەکات و لەکوێدا نزیک ولەکوێدا جیمان و بەتەنیا مانەوە دەمێنێتەوە؟ واتە ئەو بەرهەمەی لەلایەن چەند گەنجێکی کورد و بەتواناییەکی سنورداری ماددیەوە دێن و دەمانفرێنن بۆ ئەوێی خۆرئاوا و نزیک لەجیهانی ئینگمار بێرگمان چۆن و لە کوێدا؟ !!! جیهانی بێرگمان تێکەڵەی نێوان شانۆو سینەما واتە دووجیهان لەفۆرمی فیلمێکدا، هەرچەندە مێژووی ئەم کێشەیە تازە نیە ، بەڵام بەپێی قۆناغە جیاوازەکانی مرۆڤایەتی  گۆڕانی بەسەردا هاتووە . ئەی دوایین دیدار لەکوێدا نزیک و لەکوێدا جیماو ؟ نزیک لەوەی دووجیهانی شانۆو سینەما بەتایبەتی لە ( نواندن ) زۆر نزیک بەڵام لەتوخمەکانی تر لەیەک جیا دەبنەوەو سەربەخۆیی خۆیان دەژین . مرۆڤ لە پێشەوە پڕاو پڕە لەماناو بەهرەو عینایەتێک کەدەتوانێت لە جۆرە وەستاویەکی تۆکمەی هەستیەوە (..) ، فەزیلەت یاخود بەختەوەری (بێرگ : ٢٠٠٤ )بگۆڕێت . وەکو (هیرکلێتس ) دەڵێت : " شتی گۆراو شتێکی جێگیر نییە" (http://www.onefd.edu.dz) ئەمەش بۆ ئەم پەرێزە بەواتای ڕەهابوونی( بوون) دێت . واتە پابەند نەبوون بە بنەما لاسابارەکانی بوون لێرەبەگشتی و فیلمی کورت بەواتا باوەکەی جونکە بێرگمان، بە چەشنێکی بەرفرەوان وەک یەکێک لە مەزنترین دەرهێنەرەکانی دنیا ناسراوە، هەروەها ئیشەکانی بە کارەکتەرە توند و قووڵەکان دەناسرێنەوە، هاوتەریب لەگەڵ ناوەڕۆکێکی ڕووناکبیری و سیمبۆلیکی. کەواتە ئێستا دەبێت بزانین و بتوانین لەوەتێبگەین کە سیناریست ودەرهێنەر چییان کردووە و گرنگە چی ببینین ؟ هاوکار لەسەرچەند ئاستێک هەوڵی تێپەڕاندنی بوونێکی دووبارەی لەناو ژیانی کورتەفیلمداداوە کەمن بەکورتی چەند سەرنجێک بەخاڵ دەستنیشان دەکەم لەوانە  :

یەکەم / لەبەر ئەوەی من وەک وەرگر هەمیشە چاوم لەسەر ئەو ( دەق- سیناریۆ)یە یە – کەنووسەر یان کەسێکی دیاریکراو دەی نووسێت ناتوانم تەماشای فیلمێک بکەم لەبەر هیچ !! کەواتە لێرەدا ناچمە وردەکاری سیناریۆوە کە نووسەر چی نووسیوەو جۆرەکانی پلۆت و پێکهاتەکانی بخوێنمەوە ، بەڵکو تەنها سەرنجم لەسەر ئەوخاڵەی سیناریۆکەیە کە دەرهێنەر ئیشی تێداکردووە بەتایبەتی لەدیالۆگدا کە بەشداریەکی  کارای هەیە هەرچەندە کەمیشە بەڵام ناتوانین

فەرامۆشی بکەین !! واتە دەبێت بپرسین دیالۆگ تاچەند لەناو سیستمەکەی کە دەرهێنەر کاری پێکردووە گونجاوەو جێی خۆی کردووەتەوە !!!

دووەم /

کەباسی کێشەدەکەین ، چەندین ئاستی هەیە لەناو ئەم بەرهەمەدا ، هەر لەتوخمەکانی وەک کارەکتەر + گرێ + دیالۆگ ...هتد سەرباری ڕیتم و بێدەنگی وساتەکانی دەرکەوتنی کارەکتەرەکان کەلای من جوانترین ساتەکان بوون تەئەوکاتەی دیالۆگ نابێژن بۆیان لێدێت ؟ زمانی شانۆ بۆ لەزمانی فیلم دەباتەوە ؟ یان بۆ هەندێکجار لەسیستم دەردەچن و تووشی دوودڵیمان دەکەن وەک ئەوەی هەڵەیەک ڕوویدا بێت بۆنمونە دووجار دوبارە بوونەوەی (وەرە ژوورەوە ) لەلایەن یەکێک لەو کەسانەی چاودێری برایم دەکەن !!! کەزۆر شانۆییەو گرفتێک نیە بەڵام هەر کەسایەتی برایم کاتێک توڕەدەبێت و دیالۆگەکانی دەبێژێت و دووجاریش هەمان دۆخ دووبارەدەکاتەوە چی؟ ئایا شت یان ڕووداوو کاتێک بەهەمان ڕیتم و هەمان واتا دووبارەدەبنەوە دەتوانین بڵێین ڕێکەوتە ؟ ئەمەیە ئیتر وادەزانم کاتی دەربڕینی هاتووە فۆرمی بەرهەم و کاریگەریەکانی بەجوگرافیایەکی تر ڕووبەڕووی ئەم کێشەیەمان دەکاتەوە و دەپرسم ئەم کێشەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایە چی بوو ؟ لەکوێوە هێنام ؟ ئێمەی کورد وەک ڕۆژهەڵاتی و کلتور ئیسلامی چۆن لەپرسە مرۆیی و گەردوونی و نەتەوەیی و ئاینییەکان تێدەگەین ؟ پاشان ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ فەلسەفەی ئیسلامی لای کەسانی وەک ئیبن سینا هەموو "هەبوونێک واجبی بوونە لەخۆیدا یان توانای بوون خۆیەتی"( http://www.onefd.edu.dz) یان لای فارابی "وادادەنرێت لەگرنگترین گوتەزا فەلسەفیەکان ئەوەیە کەبینای فکری و ڕوخساری بەدیار بخات بۆ دۆزی چییەتی و بوون لەمێژووی ئەو پەرەسەندنەدا" .

سێیەم /

کەواتە کێشەکەی من لەگەڵ دوایین دیدار ، لەنێوان ئێرەی ڕۆژهەڵات و ئەوێی ڕۆژئاوادایە لەگەڵ فیلمی دوایین دیداردا هەروەک یەکێک لە دروشمەکانی (جۆرج باتای)ئەوە بوو کە دەیگوت پەسەندکردنی ژیان تاسەرە مەرگ" (...). لەم ئاستەیدا بەرهەمەکە دەبێتە (خەم ) خەمێکی وجودی و قورس و خاڵی لە مانا سایکۆلۆژیەکەی، پەژارەیەک وەکو هونەر دەبێتە هەڵگری پەسەند کردنی خەمەکانی بوون خۆی کە لە ئێستادا چەندان بابەتی گرنگ و ڕیشەیی هەن فەرامۆش کراون و

پەراوێز کەوتون ، بۆنمونە مردنی شەوبۆو ئیبراهیم و ڕۆڵی ئەو دووکەسەی تر کەچاودێریان دەکەن !! یان دووبارە بوونەوەکان !! بەڵام بەکام کاریگەری ؟ بەزمانێکی سادەو لەهەمانکاتدا سەخت ، سادە لەگوزارشت بەڵام ئاڵۆز بۆ تێگەیشتن !! فیلم کە دەمانخاتە سەر کەڵکەڵەی (بوون) وەکو بابەتێکی گرنگ و پڕ لە بەرپرسیارێتی، لەم کاتەدا چیرۆک دەبێتە نمونەیەکی بەرجەستەی پڕ لە کێشە وەکو لە حیکایەتێکدا (خۆرخی لوی بۆرخیس) نوسیویەتی: " نوسەرێک سزای مەرگی بەسەردا دەسەپێنرێت ، ئەو داوای یەک ساڵ مۆڵەت لە خوا دەکات تاکو بتوانێت کتێبەکەی تەواو بکات".( ئەحمەدی: ٢٠٠٠٥، ١٣١) ، لێرەدا (نوسەر/ سیناریست )دەبێتە بەشێکی مەزنی کێشەکەو بوونی (نوسەر)خۆشی ئاوێزان دەبێت بە ( دۆگم _تقلید )ەکانی یاخی بوون کە دژی لاسایگەرێتی و خۆ دووبارە کردنەوەیە لە پێناو گەیاندنی حەقیقەت ، ئەڵبەتە حەقیقەتی فیلم بە جۆرێک دەوترێت کە (کێشە) دار بێت ، بەڵام گرفتی نەناساندنی پەیوەندیەکانیان یان کەمی ڕوونکردنەوەی سیستماتیک هەندێک کات ڕووبەڕووی بێکێشەییمان دەکەنەوە بەتایبەتی هەردوو کەسی چاودێر لەبەر ئەوەی هێشتا نووسەر نەیتوانووە لەپەیام و مەبەستگەرایی یاخی بێت کەئەم بێژەیەم زۆر لەوئاستەی زیاتر دەبینم کە ستافی دوایین دیدار کۆششیان بۆکردووە .

(کێشە) لەفیلمی کورتدا وەکو (بابەت) جیاوازە لە (ئایدیا)کانی (نوسەر/ سیناریست) لەبەرئەوەی دەرهێنەر (کێشە)، تەوزیف دەکات بەڵام لە هەمان کاتیشدا یەکانگیرو هاو مانا لەڕووی فەلسەفیەوە، (گادامیر) وتەنی : "ئاسۆی ڕابردوو بە شێوەیەک بوو تێپەڕی کە بوو تێپەڕی و ئیدی ناگەڕێتەوە."( ئەحمەدی : ٢٠٠٧ : ٢٠).بەڵام لە ڕوویەکی ترەوە ئەم کێشەیەی کورتە فیلمی دوایین دیدار زیندوویی و بەها داری خۆی دەگەیەنێت لەوەدا ئەفسوونی نووسین و ڕیتمی فیلمەکە یەکدەگرنەوەو دۆخی مۆدێرن و ئاسایی فیلم تێدەپەڕێنن بەنمونە دیالۆگەدووبارەکانی چاودێرەکان یان پیشاندانی کۆمەڵێک مێزوکورسی زۆرو قاپی بەتاڵ یان شترەنجەکان و لەهەمان کاتدا چۆڵ وەکو(بۆڵ دێمان) هێمای بۆ بنەمای (....)هزری (نیچە) کردووەو گوتویەتی (کە پێکناکۆکی نێوان کامڵ بوونی مێژوویی و ئافراندنی هونەری هەر لە بنەڕەتدا دیاردەیەکی پەیوەست بە مۆدێرنیزمە بە شێوەیەکی تایبەتی بە ڕابردوو مێژووە بەستراوەتەوە" . بەڵام لێرەدا جیاوازیەک بەدی دەکەم لەم بەرهەمەدا کەخاڵی جیاکەرەوەیەتی یان بابڵێین تاڕادەیەک جێمانی بەرهەمەکەیە کەچەندان نمونەی زیندوو هەن و باشترین بەڵگەن لەسەر ئەو گوتانەی سەرەوە ، بۆ نمونە دەربارەی کێشەی (بوون ) لە چیرۆکی ناباودا ، بابەتەکە دەباتە ئاستێکی تر وڕوبەڕوومان دەکاتەوە لەگەڵ ئیستاتیکای بەرهەمەکەو بەزمانێکی تر دەبێت وسەی لەبارەوە بکەین بەجۆرێک ناچارمان دەکات

تویژینەوەی لەبارەوە بکەین و بەوردی بچینە ناو توخمە پێکهێنەرەکانی بەرهەمەکەوە ئەویش کێشیی ناسنامەی فیلمەکەیە کاتێک بەرهەمێک پرسیار دروست دەکات خۆبەخۆ و جاریش هەیە ناڕاستەوخۆ کێشە دروستدەکات کێشیی وجودی قورس کەداوای وەڵامی قورسمان لێدەکەن و سەبر و ئارامی دەوێت لێتێگەیشتن.

**تەوەرەی سێیەم**

**گریمانەی فەلسەفی**

بەگشتی ، هونەروئەدەب بەیەکێک لەماناکان کارکردنە لەسەرگریمانەو فەلسەفەی جوانی و"کورتە فیلم " یش ، کاریکە بەیەکێک لەجۆرەکان پەخشکەرەوەی گومانە بەسەرکەرەستەو بابەتە جیاوازەکاندا وەکو"دیکارت" لەکتێبی "پرنسیپەکانی فەلسەفە"دا جەخت لەسەرئەوەدەکاتەوە ، ئێمە بۆئەوەی راستی بپشکنین ، دەبێت گومان لەهەموو ئەوشتانەبکەین کەڕووبەڕوومان دەبنەوە . ( مستەفا : ٢٠٠٨: ١٢٢) پیشاندانی پیاسەکردن بەبێدەنگی و ڕیزکردنی مێزەچۆڵەکان بۆکاتی نان خواردن و دانانی شترەنجەکان وەکو کۆدێکی فیکری و سیاسی وام لێدەکەن بڵێم ئەم "کورتە فیلمە " کەم وزۆر بەم ئەرکە هەستاوە ، بەڵام چونکە دنیای ڕەخنەو تویژینەوەی سینەما لێرەی ئێمە لاوازە یان زۆر سادە کراونەتەوە تاڕادەیەک ( کێشە)و خوێندنەوەی جوانی لە م ئاستانەدا کە مێک گرفتاوین بەڵێ دووبارەی دەکەمەوە کارکردن لەسەر هەرگریمانێک واتاکارکردن لەسەرفەلسەفە و هزر.. ئەمەش وەکو لەسەرەتای کێشەکانەوە لێی دووایین بەڕوونی گومانی سیناریۆ لەسەر هەر ڕووداوو پێش هاتوو گریمانەیەک دەردەخات ..وەکو هایدگەردەڵێت :"مرۆڤ لەوشوێنەدا دەدوێ کەبەزمان وەڵام دەداتەوە (قەوامی : ٣) ئەمەش لەهەمان ئەوشوێنەوەیە کە ڕێگەی خەیاڵسازی بەهای مەدەنیەتی داهێنانەی خۆی ئەسەلمێنێت"( فینکلشتاین: ٢٠٠٥: ٥٣) بۆنمونە لەساتەوەختەکانی دەستپێکردن و لەخولەکی ( ١ :٨) بەدواوە دەبینین کارەکتەری شەوبۆ و تەماشاکردنەکانی ئیبراهیم گرێ لای منی بینەر دروست دەکەن و دواتر بەرەو پرسیارکردن ، لەبەرئەوەپێویستە لە"کورتە فیلمدا " دا بەدوای دۆزینەوەکاندا بگەرێین ولەوانەش لەڕووی ستاتیکی وبەها فەلسەفی و فیکری ومە عریفی و بێدەنگیەکاندا ، گەر لەدیدی هێرمان بروگدا بیخوێنینەوە بێ ئەخلاقانەیە .... ئەگەر زمانی ئیکۆ بەکاربهێنین دەڵێین ئەم فیلمە بۆخۆی چێژ لەو ناونانە بێ سنورەوەردەگرێت(..) تە عبیر لە جیهانێکی هەلاهەلا دەکات ، هەندێ لە ڕخنە گران لەبارەی"دیستۆڤسکی"یەوە ، ئەوەدەخەنە ڕوو کە دیستۆڤسکی هەمیشە رۆحی خۆی بەنەخۆش

زانیوه (عەبدولا: ٧٩: نووسین و خۆکوژی ....چاکی کە ) ،دەشێت هەمان شتیش لەبارەی هونەریشەوە بگوترێت.. بەم پێیەش چارەسەرکردنیان تەنهاوتەنها لەڕێی نووسینەوە دەبێت و شێوەیەکیشە لە خۆهاوشێوەکردن بەو ئازارو نە خۆشیە . "سوکرات" وتەنی :"..."مەعریفەی چێتی مەعریفەی حەقیقیە(...)وە لەم روانگەیەشەوە "نمونەی ئایدیا "یاخود وێنە"حەقیقەتی هەمەکی هەبووە بەکردار وبونیان دەرەکی یە ....هەروەها "ئەرستۆ"ش ڕای وایە "..."مەعریفەی حەقیقی ئەومەعریفەیەیە کە پەیوەستە بە "مرتبە"ی یەقینەوە ...وەئەو مەبدەئی مەعریفەو ژینالۆژیاکەی لای "ئەرستۆ "(هەستە ڕاستەوخۆکان)بەشتێک لە ئێستاداو لە م دۆخەدا کە وەسفی دەکات بەبەشەکی (مرحبا :١٩٧٠ : ١٢٦). لەم تێگەیشتنەوە بەپێی هەردوو بۆچوونەکە ی"ئەفلاتوون وئەرستۆ"ئەو چیرۆکانە ی وەکو نمونە وەرم گرتوون خاوەنی "وێنەو ئایدیا "ی خۆیانن بەڵام لەکاتی خوێندنەوەدا وادەکەن بەتەواوەتی نیشتەجێ ببین لەناو بەسەرهاتەکاندا . چونکە "بەرهەمی هونەری دەمانباتە ناخی خۆیەوە ،ئێمە ئاگامان لەناخی خۆمان نامێنێت(زارعی: ٢٠٠٧ : ٣٣) لێگەرێن با جیاوازی بێ هەواڵ لەجیاتی پارادۆکس دانرێت (بارت : ٢٠٠٧: ٣٦) لێرەوە دەگەینە ئەوباوەڕەی کەپێویستە کورتە فیلمەکانمان بە کێشە بکەین و هەوڵ بدەین بەوردی بیخوێنیەنەوەو کاری لەسەری بکەین .

ئەنجام :

پارادۆکس هیچ چێژێک بەرهەم ناهێنێت (بارت : ٢٠٠٧: ٣٦) ئەمە ئەوەبوو کە رۆلان بارت لەچێژی دەق دا دەیگووت .دێریدا "ش لەمبارەیەوە"دەیگووت:"بەردەوام هەوڵمدا تافەلسەفە بێنمە مەیدانەوە . مەیدانێک کەلەودا فەرمانڕواییەک نەبێت (ئەحمەدی : ٤٤ : ١٧٩) کەبەڕای من ئەمە لەئەدەبدا زۆر گونجاوتر دێتەدی و لەهەمان کاتیشدا لەم کورتە فیلمەشدا ( دوایین دیدار ) بەنمونەیەکی دروستی ئەم تێگەیشتنە دەزانم هەرچۆن "لیۆتاریش دەیگووت:"رۆڵی ئێمە وەکو هزرڤان ئەوەیە کەزانیاری خۆمان لەوشتەی کەلەزماندا گوزەردەکات قوڵتر بکەینەوە ، بیرۆکەی بێ گیانی زانیاریەکان ڕەخنە بکەین ، ئاڵۆزی لەبەر چاو نەهاتوو لەجەرگەی زماندا ئاشکرابکەین(ئەحمەدی: کتێبی یەکەم : ٨٣) بەڵگەشم لەسەر ئەمە ئەو بێژەیەی "ناتالی ساروت"ە کەدەڵێت :"ڕووی شاعیرانەی بەرهەمێک دەرخەری توخمی نەبینراویەتی "..کە واتێدەگەم بەتەئویل بەدیاردەخرێت.ئەوڕووداوانەی کە(کەلەئەتمۆسفێری فیلمەکەدا ) دەیانگێڕێنەوە زۆربەی ئەو مێژووەن کە مرۆڤانی کورد لێرەو لەسەدەی بیستویەکدا دا تیای دەژین و نزیک ودوور ئاشنان

پێی کەچی تاکوئێستا شاکارێکی هونەری و جوانمان لەو مێژووەنەدی!!!گەر هەشبێت تائەو شوێنەی کەمن ئاگادارم لە حیکایەتێکی بێ لەزەتو بێ تام تێپەڕیان نەکردووە شکلۆفسکی ووتەنی" ئێمە هەموورۆژێک سەیری یەکتری دەکەین ،بەبێ ئەوەی ئەوی دیکە ببینین (ئەحمەدی : ٢٠٠٥ : ٢١٢). واتایەکی کۆن ئێمە دەگەیەنێتە فۆرمێکی تازەو هەر ئەم بزاوتە ،هەمووبەرهەم دەگۆڕێت بارت "یش لەتێزی کورتی "سۆلێری نووسەردا"دەنووسێ "ژین دەق ئاسایە(عەبدولا:٧٩: نووسین و خۆکوژیەکی تەواو نەکراو) ئالێرەدا من جەربەزەیی ستافێکی هونەریم دەوێت لەوەدا کە سەرکێشی گێڕانەوەی ئەو مێژووە بکات ، لەفۆرمێکی هونەری و زیندوودا ، کەمانا دەخاتەوە ناو ڕووداوەکان ومێژوو ..لەیۆنانی کۆندا جوانییەکان دەنگی خواوەند بوون ... (لۆنجینیۆس)نووسەری کۆنی گریکی لەوکتێبەی بەناونیشانی "لەبارەی جوانیەکان-عن الرائع"دا دەنووسێ :"جوانیەکان سۆزێکن بۆخواوەند ،خواوەند بەرەو پاکیمان دەبات ،بەرەو ناخ ،بەرەو حەقیقەتە خواوەند ئامێزەکان (پلیخانۆف:٣٧:٢٠٠٥) هەروەکو چۆن رای ئەرستۆو ئەفلاتوونیشمان لەوبارەیەوە زانی ...وەهەروەها لایەنگری"ئیستاتیکای موتڵەق" مەعنای دابڕان لەهەلومەرجە مێژوویی و کۆمەڵایەتیەکان نیە ،چونکە ئەو هەلومەرجانە ئەم چێژە ستاتیکیە دیاری دەکەن هەرلەبەر ئەوە بە ڕای من ئەمە خاڵێکی تری هاوبەشە بۆ هونەرمەندان کە لەم ئاستە دا گەمە یەکیان دروستکردووە : دنیا،واتە سروشت. ئەمەش دوولایەنی هەیە ،ئەم دوو لایەنە ئاکامی دوو کارن ، یەکیان بەرتەسکی ئێمەو ئەویتریشیان چالاکی ئازادو بەربلاوی وێناکردنەکانمان .بەمانای یەکەم جیهان بەرتەسکەو بەمانای دووەمیش جیهان ئازادو بەربلاوە(تۆڵستۆی : ٢٠٠٩ : ٢٩ )بەباوەڕی شافتسبری (١٦٧٠-١٧١٣)ئەوەی جوانە ،هاوسەنگ وگونجاوو حەقیقیە و ئەوەیش کە لەیەک کاتدا هەم جوان وهەم حەقیقیە ،دڵپەسەند وچاکە .جوانی بەباوەڕی شافتسبری تەنهابەهۆی ڕۆحەوە دەناسرێت. ئەمەش خودی کێشەکەیە ئایارۆح کێشەیەکی زەمینیە ؟! یان بەمانایەکی تر ئەم ئاڵۆزیە لەکوێوە دێت؟یا ن سەرزەمین بەبێ ڕۆح دیناو"مکاشفە"ناکرێت؟یان شتێکی مومکینە ڕوودات؟

## لیستی سەرچاوەو پەراوێزەکان

یەکەم / کتێبەکان بەزمانی کوردی

١) بێرگ ، ئاندرۆفین : نڤیسیار (کۆمەڵێک بابەتی تیۆری ) ، بەرگی یەکەم ، (رۆمان وجیهانی مۆدێرن ) نووسینی : ، وەرگێڕانی : (محەمەد موە فەقی ) ، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس (زنجیرەی رۆشنبیری ) ، هەولێر ٢٠٠٤ .

٢) ئەحمەدی ، بابەک ، پێک هاتەو ڕاڤەی دەق، وەرگێڕانی (مەسعود بابایی ) لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما زنجیرە (٥٦) چاپی یەکەم ، هەولێر٢٠٠٥

٣) ئەحمەدی ، بابەک ، پێکهاتەو ڕاڤەی دەق ، وەرگێڕانی (مەسعود بابایی ) لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما زنجیرە (٢٢ )چاپی یەکەم هەولێر (٢٠٠٧ ) ل ٢٠

٤) (کۆمەڵێک نووسەر) ، ڕۆمان چییە ؟ وەرگێڕانی (جەواد مستەفا) پێدا چوونەوەی (هەژار ڕەحیمی)دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، زنجیرەی کتێب ٢٣٦ ، چاپی یەکەم دهۆک .٢٠٠٨

٥) فینکلشتاین ، سیدنی، دەربڕینی ئەندێشە لە میوزیکدا ،وەرگێرانیستارکریم ، پیاچوونەوەی ع.ج.سەگرمە ، ،دە زگای چاپ وپەخشی سەردەم –چاپی یەکەم –سلێمانی

٦) عەبدوڵلا ، عبدولموتەڵیب ، نووسین خۆکوژیەکی تەواونەکراو"کۆمەڵێک وتارو گفتوگۆی ئەدەبی " هەڵبژاردووەو وەریگێڕاوەتە سەر کوردی، لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما زنجیرەی ( ٦٠) چاپی یەکەم – هەولێر ٢٠٠٦.

٧) ئەحمەدی ، بابەک ، پێکهاتەوهێرمنیوتیک ، وەرگێڕانی ئیسماعیل زارعی ،دەزگای وەرگێڕان ،چاپی یەکەم –هەولێر ٢٠٠٧

٨) بارت، رۆلان،چێژی دەق ،وەرگێرانی ئیسماعیل زارعی ،دەزگای وەرگێڕان ، چاپی یەکەم هەولێر ٢٠٠٧

٩) پلیخانۆف هونەروژیانی کۆمەڵایەتی ، وەرگێرانی (حەمەکەریم عارف) ،دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی موکریانی زنجیرەی کتێب (١٢) چاپی یەکەم هەولێر ٢٠٠٥-

١٠) تۆڵستۆی، لیۆ ، هونەر چییە؟ ، وەرگێڕانی هەژار ڕەحیمی ،دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی زنجیرەی کتێب (٣٨٦)چاپی یەکەم ٢٠٠٩

دووەم / کتێبەکان بەزمانی عەرەبی

١١) فاليت،بيرنار، النص الروائي تاليف ؛ ؛ ترجمة ؛ د. رشيد ؛ منشورات Nathan, iv ١٩٩٢,paris,

١٢) شرودر، مورس و هولبرن ، جون و هنري، جورج ، نظريةالرواية (علاقة التعبير بالواقع))، ترجمة (د. محسن جاسم موسوي )منشورات مكتبة تحرير – بغداد

١٣)مرحبا ، محمد عبدالرحمن ، من الفلسفة اليونانية الي الفلسفة الاسلامية ،تاليف ،مكتبة الفكر الجامعي –منشورات عويدات –لبنان –بيروت طبعة الاولي ١٩٧٠

سییەم / سەرچاوەی ئەلکترۆنی

١٤) مشكلة الوجود : (؟...) http://www.onefd.edu.dz

چوارەم /ڕۆژنامەو گۆڤارەکان

**١٥) محمد جزا ، رێباز - اهتزاز الكون في فيزيائيات الشعر ( مدخل لقراوة القصيدة الكونية في سدرة الحسين للشاعر صلاح جلال ) ، الجريدة المشرق (يومية دولية مستقلة) ، الاثنين ٢٢ي كانوني الثاني ، ٢٠١٢العدد ٢٢٧٤، السنة التاسعة ..**